لەغیابی بزاڤی دیموکراتیدا؛

# ئێراق بەرەو کوێ وا ملدەنێ؟

حەسەن جودی
hesen_cudi@yahoo.com

ئەمە بۆ دووەمین جارە ئێراق پرۆسەی هەڵبژاردنی بەسەردا تێدەپەڕێ و هێشتا توخمەکانی نێو هاوکێشەی سیاسی ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتووە. وەك پێشبینی دەکرێ لە وەختێکی وا زووشدا ئەو هاوکێشەیەی لە ئارادایە تێك ناچێت، بۆیە هەرچەندە دووەمین پرۆسەی هەڵبژاردن وردە هەنگاوێکی بەرەوپێشەوە هاوێشتبێت و وەك ئەزموونێك خۆی نیشان بدات، وەلێ لەبنەڕەتدا جگە لە دووبارەکردنەوەی پرۆسەی یەکەمی هەڵبژاردن و جەختکردنەوە لەسەر مانەوەی هەمان هاوکێشەی سیاسی رابردوو هیچ شتێکی دیکەی بە گەلی ئێراق نەبەخشی. لەمەش گرنگتر تەنانەت هەندێك ئاماژەی وەك "شەڕی نێوخۆیی" نێوان پێکهاتە سیاسییە جیاجیاکانیشی خستەڕوو.

لێرەدا ئەگەر ئاڕادەیەك فاکتەرە دەرەکییەکان ــ هەبوونی هێزە هاوپەیمانەکان و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ ــ بەلاوە بنێین و وردتر لەو فاکتەرە دەرەکییانە بڕوانین کە ئەو هاوکێشە سیاسییە نابەرامبەرەی ئافراندووە، ئەوا دەکرێ داهاتووی ئێراقمان لەلا روونتر ببێت، کە بە چ ئاراستەیەکی مەترسیداردا مل دەنێ. ئەوەی لەگۆڕەپانی سیاسی ئەمڕۆی ئێراقدا دەبینرێ، دیتنی ئەو پێکهاتە سیاسیانەیە کە رێك رەنگدانەوەی راستینەی پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و ئەتنیکییەکانی کۆمەڵگای ئێراقە، لە دەرەوەی ئەو راستییە، پێکهاتەی سیاسی ئاکتیف و بەکاریگەری دیکە نابینرێ، ئەوەی بە لاوازی و کرچ و کاڵیش دەبینرێ و لە جوڵەدایە بزاڤی دیموکراتییە.

ئەمە بە چ واتایەك دێت؟ بەو واتایە دێت کە هاوکێشە سیاسییەکان لەسەر بنەمای سروشت و پێکهاتە سیاسییەکانی هێز و لایەنەکان هەڵچنراوە، هێز و لایەنەکانیش رێك رەنگدانەوەی سروشت و پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێراقن، کۆمەڵگای ئێراقیش هەر بە تەنها کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگ و هەمەچەشنە نییە، بەڵکو تەواو کۆمەڵگایەکی پەرتەوازە و لێکترازاو و پەرێشانە و بە قووڵی لەژێر کاریگەری ئەقڵییەتی شەماتیکی و دۆگمای ئایینی و مەزهەبی و میللیگەرای سەرەتایی و شۆڤێنیستی دایە. بەمەش هەرچەندە زەمینەی دیموکراتی لە ئاکامی دەستێوەردانی دەرەکی و نەمانی پایەکانی دەسەڵات و رژێمی ناوەندی هاتۆتە کایەوە، بەڵام بزاڤی دیموکراتی هێشتا بزاڤی هەرە لەڕو پەرشوبڵاو و بێ کاریگەرە، ئەگەر دۆخ بەمشێوە بێت داخوا ئێراق بەرەو کوێ ئاراستە گیر بووە؟ ئەگەر تەوەری سەرەکی سیاسەتی ئەو هێز و لایەنە سیاسییانە دەسەڵاتگەرایی و دەسەڵاتخوازی بێت و هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیان لە پێناو هەرچی زێدەکردن و بەهێزکردنی پانتایی دەسەڵات و دەسترۆیی بێت، نەك سفیلکردنی سیستەم و کۆمەڵگا و تاك، ئەوا مسۆگەر ئاماژەکان داهاتوویەکی تەمومژ و پڕ لە گێرە و کێشەمان بۆ ئێراق دەخاتە بەرچاو. چونکە ئەو زەمینە دیموکراتییەی لە ئارادایە زەمینەیەکی ئەوتۆ نییە و رەگو ریشەیەکی قووڵ و پتەوی نییە و لە میانەی پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژوویی و گشتگیر ــ لەوێنەی دیموکراسییەکەی خۆرئاوا ـ نەئافرێنراوە و بونیاد نەرنراوە، بەڵکو لەمیانە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی، کە رووخانی رژێمی بەعس و خۆ بەجێکردنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەتی لە هەرێمەکەدا. بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ رۆڵگێرە لە هاتنە ئارای زەمینەی دیموکراتی فاکتەرە دەرەکییەکانە، نەك فاکتەری ناوەکی. ئەمەش بەو واتایە دێت کە دیموکراسییەت یاخود بڵێین ئەو زەمینە دیموکراتییەی هەیە بەو رادەیەی بەرهەمی ئاڵوگۆڕە سیاسییە داسەپێنراوەکانە, بەو رادەیە بەرهەمی کولتوور و ئەقڵییەتێکی دیموکراتی نییە و خاوەنی پێگەیەکی پتەو و سەقامگیر نییە و لە هەر ئان و ساتێکدا ئەگەری لاوازی و تێکەڵ و پێکەڵی ئەو زەمینە دیموکراتییە هەیە.

هەڵبەتە بەبێ چالاکبوون و گەشەسەندنی بزاڤی دیموکراتی هەرگیز ئەو زەمینە دیموکراتییە پتەو و سەقامگیر نابێت و نابێتە کولتوور و ئەقڵییەتێکی چەسپیو و بەهێز، پێچەوانەکەیشی هەر راستە. واتە لەغیابی بزاڤێکی بەمجۆرەدا ئەو زەمینە دیموکراتییەش تادێت تەمەن کورت و کاڵ دەبێتەو و ناچەسپێ. لەمەش مەترسیدارتر رێگە بۆ دەرکەوتنی کەشو هەوایەکی دەسپۆتی فرە دیکتاتۆری دەڕەخسێنێ.

بۆ زیاتر وردبوونەوە و لێکدانەوەی ئەم مەسەلەیە دەکرێت ئاماژەیەك بە ئەقڵییەتی سیاسی باڵادەست بەسەر زلهێز و لایەنە سیاسییەکاندا بکرێت، کە ئەقڵییەتێکی توندڕەو و دۆگما و پاوانخواز و دەسەڵاتخوازە و لەسەر بنەمای ئایین و مەزهەب و نەتەوە و ئەتنیکە جوداکانی پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێراق پێکهاتووە. واتە کرۆك و گەوهەری ئەو ئەقڵییەتە ئایینگەرایی و مەزهەبیگەرایی و نەتەوە و ئەتنیکگەرایییە و هەر لەو روانگەیەشەوە هەڵوێست لەبەرامبەر ئێستا و داهاتووی ئێراق و لەبەرامبەر یەکدی وەردەگرن. ئەگەر راشکاوانەتر خاڵ بخەینە سەر پیتەکان ئەوا رێك دەتوانین بڵێین: ئەو زلهێز و لایەنە سیاسییە سەرەکییانەی ئەمڕۆ لەباشووری کوردستان و تەواوی ئێراقدا دەسەڵاتدار و باڵادەستن خاوەن ئەو ئەقڵییەتەن کە ئاماژەمان پێکرد.

لەروویەکی دیکەشەوە ئەو زلهێزانە نوێنەری چینی باڵادەست و قەڵەمڕەوی ئەو گەل و نەتەوە و ئەتنیکانەیە، کە لە ناوخۆیشیدا بەکۆمەڵێك ئایین و مەزهەب و تەریقەت پەرتەوازە و پەرشو بڵاون. واتە نوێنەری چینێکن نەك نوێنەری جەماوەرو خەڵکی رەشو رووت، وەلێ بەناوی ئەو گەل و نەتەوە و ئەتنیکانە سیاسەت دەکات و بەرژەوەندی و داخوازی چینەکەی خۆی بەسەر بەرژەوەندی و داخوازی جەماوەر و خەڵکە زەحمەتکێشەکە

زاڵ دەکات. چینی ژێردەست و زەحمەتکێش و هەژاریش زۆرینەی پێکهاتەی ئەو گەل و نەتەوە و ئەتنیکانە پێکدێنێ. بۆیە لەدۆخی ئێستادا؛ باڵادەستبوون و قەڵەمڕەوی ئەو زلهێزە دەسەڵاتدارانە لەمیانەی سیاسەتی دەستەمۆکردن و بەخۆوە گرێدان و چاوسوورکردنەوەو دەسپۆتیکانەی خۆیانەوە لەسەر جەماوەری هەژار و رەشورووتی ئێراق ئەو زەمینە دیموکراتیانەی لە ئارادایە دەشێوێنن و لەباری دەبەن. وەك چۆن ئێستا هێزی ئاستەنگ و تەگەرەن لەبەردەم پێشخستنی دیموکراسییەت، ئەگەر بەردەوام بن لەسەر پەیوەستبوونیان بەو ئەقڵییەتە توندڕەو و ستاتۆگەراییە، ئەوا مسۆگەر دۆزەخێکی بێ ئامان چاوەڕێی ئێراقە، چونکە وروژاندنی هەستە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و ئەتنیکییەکان لە لایەن ئەو زلهێزانەوە و تەقاندنەوە و زلکردنی ناکۆکی و کێشمەکێشە قووڵ و مێژووییەکان جگە لەململانێی خوێناوی و توندڕەوانە هیچی دیکەی لێ شین نابێت، ئەو دەرئەنجامانەی دواپرۆسەی هەڵبژاردن لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی سەلماندنی ئەو راستییەیە.

لەم خاڵەدا، غیابی بزاڤی دیموکراتی جەماوەری لە گۆڕەپانی سیاسی و ململانێیە سیاسییەکاندا رەوشەکە دژوارتر دەکات. بێگومان ئەو غیاببوونە لە وڵاتێکی وەکو ئێراقدا و لە بارودۆخێکی وەکو ئێستادا نکوڵی لەو میراسەی تێکۆشانی دیموکراتی هێز و لایەنی دیموکراتی ناکات، بەڵام ئەمڕۆ بزاڤی دیموکراتی، واتە سەرجەم ئەو هێز و لایەنە دیموکراتیانەی بەشێوەیەك لەشێوەکان مەیلی دیموکراتیانەیان هەیە، ئەگەر تا ئێستا نەیتوانیبێ شوێن پێی خۆی لەگۆڕەپانی سیاسی و ململانێیە سیاسییەکان بگرێت و دیموکراتیزەبوونی نەکردبێتە تەوەری ململانێیەکان، ئەوا ئەو راستییە دەخاتە روو کە بزاڤی دیموکراتی هێشتا خاوەن پرۆژەیەکی دیموکراتییانەی سەرتاسەری و گشتگیرانە نییە، تەنانەت سەلمێنەری ئەو راستییەشە کە کاریگەری ئەو ئەقڵییەتە ستاتۆگەراییەی زلهێزەکانی لەسەردا ماوە و نەیتوانیوە خاوەندارێتی لەبەها دیموکراتییەکان بکات.

لەم روانگەیەوە، ئەگەر بزاڤی دیموکراتی دەخوازێت کاریگەر و چالاکانە رۆڵگیر ببێت و بگاتە ئەو ئاستەی جڵەوی رووداو و پێشهاتەکان لەدەست خۆی بگرێت و مۆرکی خۆی لە نەخشاندنی داهاتووی ئێراق و باشووری کوردستان بدات ئەوا بێ ئەملا و ئەولا پێویستە هێز و لایەنە دیموکراتخوازەکان بەخۆیاندا بچنەوە و خۆ بگەیەننە ئاستی هێز و توانستێکی بەرز و لەڕووی زهنی و رێکخستنی و کار و چالاکیدا بەرنامەڕێژی هەبێت. ئەگەرنا هێشتنەوەی چارەنووسی گەلانی ئێراق و داهاتووەکەی بۆ ئەو زلهێزانەی ئەمڕۆ دەسەڵاتداران, چۆنیان دەوێ وا هەڵسوکەوت لەگەڵ گەلانی ئێراق بکەن، ئەوا تراژیدیای هەرە مەزنە و هەرگیز نابێت رێگە لە بەدرەم چارەنووسێکی ئاوەهادا بکرێتەوە. ئەمەش ئەرکی هەرە لەپێش و سەرەکی هێز و لایەنە دیموکراتخوازەکانە.